## مەزهەری خالقی

# لەبەر ئەوەی لە ئێراندا میللەتەکەم دەچەوسێنرێتەوە دڵم رەنجاوەو ئامادەنیم بگەڕێمەوە"

**بەشی سێیەم و کۆتایی**



**دیداری دێرین حامد**
**فۆتۆ:هێمن**

● لەم بەشەدا، خالقی دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ژیانی تایبەتیی خۆی چیرۆکی پشت گۆرانییەکانیو گۆرانیی پەپولەی ئازادیو رۆمانی"شاری مۆسیقارە سپییەکان"و ئاشنایی بە موجتەبای میرزادە دەگێڕێتەوە. خالقی پێیوایە هونەر موقەدەسە؛ بەهرەیەکی ئیلاهییە "هەرلەبەرئەمەشە وەك دەڵێن زۆربەی پێغەمبەرەکان وەك حەزرەتی داود هونەرمەند بوون، پێغەمبەر کە شوێنێکی گرتووە، وتوویەتی بچن بانگبدەن، کەسێکی دەنگخۆشی بۆ بانگدان داناوە، کاتێك کە گوێ لە عەبدولباست دەگریت، دەتەوێت موسڵمان بیت، ئەمەیەکاریگەریی هونەر.. ئەمەیە وامانلێدەکات لە رێگەی هونەرەوە پاك ببینەوە، هەست بە خۆشەویستی بکەین، من ئینسانێکی رەنجبەرم، بە تەنها شیعرێکی جوان، میلۆدییەكو ئەرجمێنتێکی خۆش، زاخاوی دڵو مێشکم دەدەن... من ئەوەی کە هەمە، تەنها دەنگمە، ئەوەی کە دێت بۆ لام لەبەر دەنگمە، ئەوەی خۆشەویستی بۆم هەیە، دیسانەوە هەر لەبەر دەنگەکەیە". یەکێك لەو شتانەی کە تا ئێستا لە ئێمە ونە، ناوی باوکی ئەم هونەرمەندەیە "ناوی باوکم جەلالە". سەبارەت بە چوونە نێو دونیای گۆرانیو موزیکەوە، خالقی دەڵێت: "هەر لە تەمەنی ١٢ساڵییەوە، مامۆستایەکم هەبوو کە جولەکە بوو، هەموو رۆژانی هەینییەك مەقاماتی فێردەکردم، من لە

بنەماڵەیەکی هونەریم، هەرچەندە ئێمە کەسمان گۆرانی نەوتووە، بەڵام کە هاتە سەرەی من، هەموویان خۆیان لە مندا دەبینییەوە، بۆیە دەیانویست ئەوەی کە بۆ ئەوان نەکراوە، من بیکەم، بۆیە پاڵپشتیی زۆریان کردم، دەڵێن مەرحومی باوکم زۆر دەنگی خۆشبووە کە لە مزگەوتدا پێشنوێژی گرتووە، یان لە ئاهەنگە دینییەکاندا دەفی لێداوەو موناجاتی کردووە، دەنگی کاریگەریی زۆری هەبووە". سەبارەت بە ئاستی خوێندنی دەڵێت: "من ماستەرم لە ئەلکترۆنیك‌و لە ژمێریاریدا هەیە ". یەکێك لەو هونەرمەندە گەورانەی کە توانیویەتی لەنێو هونەری فارس‌و کورددا شوێنێکی گەورەی داگیربکات، موجتەبای میرزادەیە. ئەم هونەرمەندە وەك یەکێك لە نزیکترین کەسە نزیکەکانی خالقی‌و وەك کەسێك کە چەندین شاکاری هونەری لەگەڵ خالقی-دا هەیە، سەرەتای ئاشناییان ئاوا دەستپێدەکات "کاتی خۆی میرزادە خوێندکار بوو لە کرماشان، منیش خوێنکار بووم لە زانکۆ لەتاران، کە هاتمەوە بۆ سنە، چووم سەردانێکی رادیۆی کرماشانم کرد، ئەوکاتە شوکروڵلای بابان بەڕێوەبەری رادیۆ بوو، شوکروڵلا داوای لێکردم کە شتێك بڵێم، وتم: لەگەڵ کێ؟، وتی: لەگەڵ میرزادە، ئەوکاتە من کارگەلی میرزادەم بینیبوو، شایەد دوو سەعاتی نەخایاند، ئێمەگۆرانی (نابێت نابێ)مان تۆمارکرد، لە کاتی خۆشیدا زۆر دەنگیدایەوە، ئەوە بۆ یەکەمجار بوو کە من جورئەتم کرد کە گۆرانیی سەید عەلی ئەسغەر بڵێم، چونکە کارەکانی ئەم ئوستادە لە لوتکەدایە، ناتوانیت بیڵێیت، من بۆ خۆم دەموت، بەڵام هەرگیز جورئەتم نەبووە گۆرانییەکیانی لێ تۆماربکەم، هەتا ئەوکاتەی میرزادەم ناسی‌و ئەوگۆرانییەم لێ تۆمارکرد، ئەوەش لە حاڵەتێکی نەفسی خۆشەویستیدا، دوای ئەوە من لە تاران بووم، بەرپرسیارێتیم هەبوو لە رادیۆو تەلەفزیۆن، موجتەبا هات بوو بەخوێندکاری موزیك لە تاران، یەکترمان بینییەوە، وردە وردە بووین بە ئاشناو پێکەوە چەند کارێکمان کرد". تۆ بڵێیت دوو مرۆڤ تا رادەی پەرەستن رۆچووبێتنە نێو دونیای هونەرو بەردەوام پێکەوە کاربکەن، رۆژێك لە رۆژان عاجزییەك لەنێوانیاندا روونەدابێت "ئەوەندە خۆشەویستی هەبوو بۆ من، هەرچییەکم هەبووایە لێی وەردەگرتم وەکو خوێندکارو برایەکی بچووك، منیش ئەوەندە زانستم هەبوو کە لەگەڵ موزسێنێکدا دادەنیشم، دەبێت خۆشمبوێت هەروەها ئەویش منی خۆشبوێت، ئەگەر لەنێوان گۆرانیبێژو موزیککاردا ئەو خۆشەویستییە هەبێت ئەوکاتە کارەکان جوانترو باشتردەبن". مەرگی موجتەبای میرزادە وەك یەکێك لە نزیکترین هاوڕێیانی، خالقی بە بەدبەختیی خۆی دایدەنێت، ئەو ئاوا باس لە دوایین کارو دیداری خۆی لەگەڵ ئەم گەورە موزسێنە دەکات "ساڵی ٢٠٠٥ ئەو کاتەی فیستیڤاڵی موزیکی کوردی بوو، میرزادە هاتە سلێمانی، قسەمان لەبارەی ئەوەوە کرد کە من نزیکەی حەوت بەرهەمم هەبوو، ئەوکاری موزیکم بۆ بکات، بەڵام بەداخەوە نەکرا، مەرگ رێگەی پێنەدا". خالقی پێیوایە کاری هونەرمەند بەتەنها گۆرانیوتنە نەوەك کۆکردنەوەو بەئەرشیفکردنی کارەکانی خۆی، بەڵکو ئەوە کاری کەسانی ترە "ئێستا کە گۆرانییەکانم کۆکراونەتەوە، ئەوە ئەنیستوت ئەو کارەی کردووە نەك من، وەك چۆن کاری هونەرمەندانی تری وەك حەسەن زیرەك‌و عەلی مەردان کراوەو، بڕیارە بۆ چەند هونەرمەندێکی تریش بکرێت، بۆ ئەوەی خۆشم هیوادارم لە کۆتایی مانگی دوودا تەواوبێت". سەرەڕای ئەمانە، خالقی دەڵێت: "من ئیمتیازی کارەکانم داوە بە خەڵك، چونکە کارم بۆئەوان کردووە، کێ بییەوێت گوێی لێدەگرێت، یا بڵاویدەکاتەوەو تۆماریدەکات، هەڵیدەگرێت، لەبەرئەمەیە تەنانەت من لە ماڵەکەی خۆشمدا هیچ کام لە گۆرانییەکانم نییە". سەبارەت بەگوێگرتن لە دەنگی خۆی، خالقی دەڵێت: "کاتی خۆی من سۆزم بۆ کارەکانی خۆم هەبووەو لەو باوەڕەوە من گۆرانیم وتووە کە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەکەم بووە، من پێموایە عەیبە پیاوخۆی پاڵپشتیی کاری خۆی بێت، دەبێت خەڵك بڕیاری لەسەربدەن لەگەڵ ئەوەشدا خۆ من بۆ بازرگانی‌و ناوبانگ کارم نەکردووە، کێ چێژی لێدەبینێت، با گوێی لێبگرێت، کێش چێژی لێنابینێت، ئەوە ئازادە". ئەو کاتانەی کە گوێ لە خالقی دەگریت لەپاڵ ئەو ئارامییە رۆحییەی کە تووشی دەبیت، لەپاڵ هەر گۆرانییەکیشیدا، هەست بە بوونی چیرۆکێك دەکەیت، رەنگە زۆربەمان کاتێك گوێمان لەگۆرانیی (کوبرا) بووبێت، هەستمان بە بوونی چیرۆکێکی دڵتەزێن‌و حەزین کردبێت لە رێی سۆزی دەنگی خالقییەوە، خالقی بۆ چیرۆکی پشت ئەم گۆرانییە، ئاوا دەگێڕێتەوە "راستە زۆرینەی گۆرانییەکانی من حیکایەتێکیان لەپشتەوەیە، ئیدی حیکایەتێکی میللی بێت، یاخود هیی هاورێیەکم بووبێت یان کەسێك بۆی باسکردبێتم‌و کاری لێکردبم، بۆ نموونە: تۆ پرسیاری گۆرانیی کوبرا دەکەیت، ئەم بەسەرهاتە ئاوابوو، کاتی خۆی من مامۆستا بووم، نزیکی شەش بۆ حەوت مانگێك لە سەقز دەرزم دەوتەوە، ژنێك هەبوو لەوێ ناوی (کوبرا) بوو، لە ساڵی ٥٨دا نەخۆشی سیلی هەبوو، ئەودەمە زانست نەگەیشتبووە ئاستێك کە نەخۆشییەکەی چارەسەربکات، لەبەرئەوە لە پیاوەکەی جیابووبوویەوە، هەر خۆی ئاپارتمانێکی گرتبوو تیایدا دەژیا کە ئێوارە دەهات، دەهاتە سەربانی ماڵەکەی‌و دەستێك جلی زەردی لەبەردەکردو خۆشی زۆر زۆر جوان بوو، لەسەر کورسییەك دادەنیشت، وەك زیندانی لە دوورەوە سەیری ئەملاوئەولای دەکرد، کە خەڵکیش بەلایدا تێدەپەڕین، بەتایبەت گەنجان، هەریەکەو شتێکی بەسەردا دەوت، ئەمە زۆر کاری کردە سەرم، ئەوەبوو منیش ئەوگۆرانییەم وت. یەکێکی تر لەو گۆرانییانەی کە من کاتی خۆی گوێم لێی بوو، دەترسام ترس لەو کارەساتەی وایکردبوو گۆرانییەك ئا بەوشێوەیە بوترێت ئاوەها بەو ئیحساسەوە وشەکان بێنە دەرەوە، ئەویش گۆرانیی (لێتان نابینەوە)یە، من زۆر خۆشحاڵم بەوەی ئەم گۆرانییەی من مەبەستەکەی خۆی پێکاوە، هەر لە رووی شیعرەوە هەتاوەکو موزیك‌و وتنی خۆم، ئەو شتە زۆر کەس پێمدەڵێت، یەکێك لەو مەبەستانەی کە ئەم گۆرانییەی پێوتراوە ئەوەیە کە ئێمەی کورد زۆر دڵپاك‌و سادەین، کارەسات زوو لەبیردەکەین، زوو فەرامۆشی دەکەین، ئەمە وایکرد شێرکۆ بێکەس ئەم شیعرە بنووسێت، من زۆر بڕوام پێیەتی بەتایبەت وتم بۆ ئەوەی کە دەبێت ئێمە فێری تۆڵە ببین، تۆڵە قانونە، ئەگەر بەپێی دین‌و یاساو رێسا بێت، تۆڵەی باش‌و خراپ هەیە، ئەگەر یەکێك باش بوو، دەبێت تۆڵەی باشی بدەیتەوەو ئەگەر خراپ بوو، دەبێت خراپی بدەیتەوە، ئەمە ئەو شتەیە کە لە ئێمە ونە، ئێمە ئەگەر سەیری ئەرمەنەکان بکەین، دەبینین لەبەر ئەو کوشتارەی کە تورکەکان بەسەریاندا هێنایان، هەتا ئێستاش وا لە دڵیاندا، بەڵام ئێمە ئەوەی کیمیاباران‌و ئەنفالی کردووین، ئەوانەی پاڵپشتی ئەمانەیان کردووە کە ئەم کارە بکەن هیچ، رق‌و کینەیەکم نییە، ئەمە خراپە، من ئەگەر لە نەسلی کوردبم، هەتا دەمرم دەبێت رقم

لەمانە بێت، ئەگەر رقو کینەم نەبێت لەمانە، کەواتە ناتوانم بمێنمەوە، دەبێت فێری تۆڵە بم، تتۆڵە بەپێی یاسای ئینسان". شاری مۆسیقارە سپییەکان، ئەو رۆمانە گەورەیەیەی کە هەموومانی سەرسامکرد، رۆمانێك کە پانتاییەکی فراوانی تەرخانکراوە بۆ هونەر، هونەرێکی خالیسو بێگەرد، هونەرێك کە دەتوانێت بمانباتەوە بۆ لای حەقیقەت، لەنێو ئەم هونەرە گەورەیەدا، چەند جارێك خالقیو گۆرانیی پەپولەی ئازادی دێتە بەردەمانو باس لە سیحریان دەکرێت، خالقی بۆئەمە دەڵێت: "راستییەکەی کاك بەختیار چەند ساڵێك بەر لە ئێستا، پێش ئەوەی من رۆمانەکە بخوێنمەوە، پێیوتمو بۆی باسکردم، بەڕاستی ئەو کارە خۆی شاکارە ئەمە نەك لەبەر ئەوەی باسی منو نموونەی من لە چەند شوێنێکدا دەکات، بەڵکو لەبەرئەوەی کە کەسی وەکو بەختیار دەگمەنە بۆ کورد"و سەبارەت بە پەپولەی ئازادییش، خالقی دەڵێت: "ئەوە هەستێکی ناسکی ئەوە کە لەئەدەبیاتدا باسیکردووە، من ناتوانم گوزارشت لە ئەو هەستەی ئەوبکەم، لەو گۆرانییانەی کە من وتوومە، شایەد نزیکەی ١٨٠-١٩٠گۆرانییەك دەبێت، رەنگە سەد گۆرانییەکی تریشم هەبێت کە نەمهێشتبێت بڵاوبکرێنەوە، بۆ هەر کارێك سێ بار هەیە: یەکەم باری میلۆدییەکەیە، دووەم باری شیعرەکەیە، سێیەم باری موزیكو ئەرجمێنتەکەیە، چوارەم خۆمم، من خۆشم پێموایە هەندێك لە بەرهەمەکان لەبەرئەوەی لەباری ئەمانەوە بەتەواوەتی هارمۆنییەت هەبووەو رەسەن بوون، یان کاتی خۆی ئۆکسترای گەورەی تاران کاریان بۆ کردووە، دەشێت زۆرتر ئەمانە بمێننەوە، لەبەرئەوەی کارەکە زانستییە، چ ئێستا بێت یان چەند ساڵی تر هەرجێی خۆی هەیە".

خالقی ئاوا باسی گۆرانیی پەپولەی ئازادی دەکات "ئەم گۆرانییە کاتی خۆی بەدەگمەن لە رادیۆکان لێدەدراو گوێی لێدەگیرا، دەیانوت بە من ئەمە کەی کوردییە، بەڵام من لەلای هەر موزسێنێکی گەورە دادەنیشتم، ئیتر سەر بە هەر نەتەوەیەك بووایە، بۆ یەکترناسین ئەم گۆرانییەم لێدەدا بۆ ئەوەی ئاستی کاری من بزانن، من کاتی خۆی بۆخۆم کاسێتێکی گۆرانییەکانم دروستکردبوو، کەبۆ تەعاروف دروستمکردبوو، چەند گۆرانییەکی تێدابوو، وەك: رەشماڵی خێلان، پورزاو چەند دانەیەکی تر". سەبارەت بە کاریگەریی کارەکانی لەسەر گوێگر دەڵێت: "زۆرجار پێیانوتووم یان تەلەفۆنیان بۆکردووم بەتایبەت لەسنەو مەریوانو چەند شوێنێکی تر کەنەخۆش هەیە، ئیتر هەبووە شەلەلی هەبووە یان توانای قسەکردنی نەبووە بەتەنها گوێی لە من گرتووەو بەدیار گۆرانییەکانەوە دانیشتووە، نازانم ئەوگۆرانییانە چین، جارێك دایکێك تەلەفونی بۆ کردم، وتی: کچەکەم دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات، هەرچەندە ئەو کچە زۆر توانای قسەکردنیشی نەبوو، ئەم شتانەش ئاسایین، دەبێت کەسێك بۆ من وابێت، بەڵام کەسێکی تر بۆ هونەرمەندێکی تر وابێت، بۆیە دەبێت ئەم شتانە بەئاسایی سەیربکەین". یەکێك لەو شتانەی کە جێگەی سەرسوڕمانە، ئەو حاڵو جەزبە رۆحییەیە کە شێخەکان بە گۆرانییەکانی خالقی بۆیان دروستدەبێت، دەکەونە حاڵەتێکی رۆحییەوە "راستییەکەی من لەبەرئەوەی کە سەر بە بنەماڵەیەکی شێخیم هەستو سۆزێکی زۆرم بۆ گۆرانیی عیرفانی هەیە، کوردیش گۆرانیی عیرفانی هەیە، هەر لە منداڵیشەوە لەسنە (شێخلئیسلام) ئێمە خوێنکار بووین، دەچووین گۆرانی بۆ بڵێین، یان شێخ عوسمان کە دەهات بۆ تاران، مومکین نەبوو پێکەوە دانەنیشینو گۆرانی بۆ بڵێینو، جۆری دەنگەکەش دەور دەبینێت، دەنگی عەلی مەردانو حەسەن زیرەك خۆشە، بەڵام مومکینە ئەوکاریگەرییە عیرفانییەی نەبێت". سەبارەت بە گۆرانی، خالقی دەڵێت: "من بەر لەوەی دەنگخۆش بم، عاشقی گۆرانیم، زیاتر لە هەر کەسێك کە حەز بە موزیكو گۆرانی دەکات، باشە کە ئینسان عاشقی شتێك بوو، یان عەودالی بوو، دەشتوانێت کاتی خۆی پێبدات، من کە دەچووم بۆ مەهاباد، هەموو دەنگخۆشەکانم کۆدەکردەوەو گۆرانییان بۆ دەوتم، من ئەو چێژەی کە لە دەنگی ماملێ دەیبەم، مومکینە لە دەنگی خۆم نەیبەم، من زۆرجار حەز لە گۆرانیی کەسانی تر دەکەم، هەتاوەکو خۆم من جارێك هونەرمەندێك هاتەلام کە بینیم فرمێسك هاتە خوار بە چاومدا بۆ یەکێك لەوگۆرانییانەی کە وتبووی".

خالقی خاوەنی شانازیی ئەوەیە کە وەك یەکەمین کورد توانیویەتی لەدوایەوە سەمفۆنییایەکی گەورەی وەك تاران بوەستێو کاری بۆ بکەن "ئەمە لە شتانەیەکە پێمخۆشە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، بۆچی لەناو هەموو گۆرانیبێژانی کورد ئەو ئیمتیازاتانە بۆ من بوو بۆ یەکێکی تر نەبوو، زۆربەی ئەمانە شتی شەخسییە، بەمانای ئەوەی رابەری ئەو ئۆکسترایە هاوڕێی من بووە، هونەری منی حەزلێبووە، میلۆدییەکەی بەدڵ بووە، قەناعەتی پێهێناوە، دواتر دەزگای رادیۆو تەلەفزیۆنی بەگیرهێناوە بۆ تۆمارکردنی، یەکێك لەو شتانەی جێی گرنگییە، راستە ئەمە لە دەزگایەکی فارسییەوە تۆمارکراوە، ٥٠-٦٠ کەسی فارس تیایدا ئامێرەکانیان ژەندووە، بەڵام هەست بە هیچ میلۆدییەکی فارسی ناکەیت لە ئەرجمێنتەکەی، تەنانەت ئەو کابرایەی کە گۆرانییەکانی تۆماردەکرد، پێیدەوتم گوێی لێبگرە، ئەگەر هەستدەکەیت میلۆدییەکەی فارسییە، ئەوا لایدەبەینو تۆماریدەکەینەوە". خالقی خاوەن چەند گۆرانییەکی فارسییە، هەرچەندە ئەم گۆرانییانە هەستدەکەیت هەمان ئیحساس نییە وەك لەوەی لە گۆرانییەکی کوردیدا هەستیپێدەکەیت "منیش وەك هەرکەسێك حەز بە گۆرانیی فارسی دەکەمو گۆرانییشم وتووە، زۆرجار لە تاران لە رادیۆو تەلەفزیۆن داواملێکراوە کە گۆرانی بە فارسی بڵێم... منیش وتوومە، ئەویش هیچ نەبێت لەبەر ئەو ئۆکسترا گەورەیەی کە ئامادەبوون کار بۆ من بکەن بەکوردی".

سەبارەت بەکاری سیاسیی، خالقی دەڵێت: "من سەر بە هیچ حیزبێك نیم، بەڵام دەشێت منیش قسەیەکم هەبێت، بۆ من هیچ حیزبێك فەرقی نییە بەمەرجێك ئەوحیزبە، حیزبێکی میللیی نیشتیمانی بێت، تا ئێستا ئەندامی هیچ حیزبێك نەبووم". سەبارەت بە گەڕانەوەی بۆ کوردستانی رۆژهەڵات، خالقی دەڵێت: "ئێستا پێموانییە رێگرییەك هەبێت، شایەد جاران هەبوو، زۆر زۆر دڵم بۆ کوردوستانو ناوچەکانی ئێران لێدەدات، بۆ بینینەوەی برادەران، چ کورد بێت، یان فارسو تورك، دڵم زۆر تەنگ بووە بۆیان، چونکە کەڵچەری ئێران شتێکی زۆر جوانە بۆ پێکەوەژیانو جیاوازە لە شوێنێکی تر، ئەو شتانەی کە پێمدەگات کە حکومەت راستەوخۆ، یان ناراستوخۆ لە رێگەی کەسو هاوڕێیانەوە پێیانوتووم بۆ نایەیتەوە، خۆ دەتوانیت بگەڕێیتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی دەبینم میللەتەکەم کە کوردە، دەچەوسێنرێتەوە، مەزهەبەکەم کە سوننەیە، جیاوازیی دەکرێت، دڵم رەنجاوەو ئامادە نیم بگەڕێمەوە هەتاوەکو ئەم بارە دەکەوێت بە لایەکدا".